چوارینەکانی خەییام

سادق هدایەت
لە فارسییەوە: مەزهەر ئیبراهیمی
(سنە)

(١ - ٢)

ڕەنگە کەمتر نووسراوەیەک لە جیهاندا، بەڕادەی چوارینەکانی خەییام کەوتبێتە بەر شنەبای پێداهەڵگوتن و خۆشویستنی خەڵک، هەروەها ئەوەندەش گیرۆدەی ڕەشەبای توانج و دەسکاری و درۆپێدا هەڵبەستن و تاوانباریی بووبێتەوە، کەچی ئاواش هێشتا هەر بە نەناسراوی ماوەتەوە، ئەگەر هەموو ئەو کتێبانەی لەسەر خەییام نووسراون کۆ بکرێنەوە، کتێبخانەیەکی مەزنی لێ چێ دەبێت، بەڵام ئەو کتێبەی بەناوی خەییامەوە ناوی دەرکردووە و لە بەردەستماندایە، کۆکراوەیەکە بە گشتی لە هەشتا تا هەزار و دووسەد چوارینە - کەم و زیاد - کە زۆربەی زۆریان هەڵگری ڕوانگە و بۆچوونی دژبەر و لێک جیاوازن.

ئەگەر بمانەوێ چەند لاپەڕەیەکی یەکێک لەو دەقانە بخوێنینەوە، تووشی چەمکی جۆراوجور و بابەتگەلی کۆن و نوێ دێین، بە چەشنێ ئەگەر بێتو کەسێک سەد ساڵ ژیابێت و لە ڕۆژێکدا دوو جار ڕوانگە و ڕێبازی گۆڕیبێت، توانایی وروژاندنی ئەو هەموو بیر و بۆچوونەی نابێ، ناوەڕۆکی ئەم چوارینەگەلە، مرۆڤێکمان پیشان دەدا بە فەلسەفە و ڕوانگەی هەمەڕەنگەوە، لەوانە: خواناس، سروشتیخواز، لادەر، سۆفی، گەشبین، ڕەشبین، قەدەرخواز، باوەڕدار بە دۆنادۆن، تریاکی و بەنگی، چلێس و ئالۆشن، دنیادۆست، مورتاز، بێ بڕوا، ڕەند، فێڵباز و گزیکار و...تاد

ئایا دەکرێ مرۆڤێک بووبێتە ڕێبواری ئەو هەموو بواره و لەو دۆخانەدا خۆی بینیبێتەوە و هاوکات فەیلەسووف و بیرکار و ئەستێرەناسیش بووبێت؟ ئەوجا ئێمە چی لەم چێشتی مجێورە بکەین؟ ئەگەر پەنا بەرینە بەر ئەو کتێبە کۆنانەی ژیاننامەی خەییامیان نووسیوەتەوە، دیسانەوە ئەم جیاوازییانە بەرۆکمان دەگرن.

هزرە مەزنەکان هەمیشە ئەم ناکۆکییانەیان بەدواوە بووە، بەڵام ئەم کێشە گەورەیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە خەییام بە باشی نەناسراوە و ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی دەربارەی ئەو وتراون، بوونەتە هۆی بە هەڵە هەڵوەژاردنی چوارینەکانی.

لە بەر بەرتەسکی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، نامانەوێ خۆمان سەرقاڵی بەسەرهات و ژیانی خەییام بکەین و قەرساندن و گومان و وتەی کەسانی تر لەمەڕ ئەو دووپات ناکەینەوە، بنەڕەتی کاری ئێمە لەسەر کۆمەڵێک چوارینە دانراوە کە، یان بەڕاستی هی خەییامی ئەستێرەناس و بیرکارن، یان بە هەڵە دراونەتە پاڵی، بەڵام ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ئەمەیە کە ئەم چوارینە فەلسەفییانە نزیک سەدەکانی ٥ و ٦ی کۆچی مانگی بە زمانی فارسی هۆنراونەتەوە.

تا ئێستا کۆنترین دەقی ڕەسەنی چوارینەکانی خەییام،

دەقی «بودلن»ی ئۆکسفۆردە کە لە ساڵی ٨٦٥ی کۆچی مانگی لە شیراز ڕوونووس کراوە؛ واتا سێ سەدە پاش خەییام و ١٥٨ چوارینە وەخۆدەگرێ؛ بەڵام ئەو هەڵانەی باسمان لێوەکردن لەمەشدا هەیە و چوارینەی نادەسەنی تێکەوتووە.

فیتز جیراڵد کە نەک هەر وەرگێڕی چوارینەکانی خەییام، بەڵکو تێکەڵاوی ڕوحی ئەو فەیلەسووفە مەزنە بووە، لە کۆمەڵەکەی خۆیدا هەندێ چوارینەی هێناوە کە شیاو نییە بە هی خەییام دابنرێن، بۆچوونی فیتز جیراڵد گرنگتر لەو نووسینە کۆنانەیە کە لەسەر خەییام نووسراون؛ چونکە ئەو بەپێی توانایی و کارامەیی خۆی باشتر لەوان چوارینە ڕەسەنەکانی لە ڕوانگەی شاعیرێکی سۆفییەوە جیا کردۆتەوە، بە بۆچوونی ئەو، خەییام ئەوین و خواناسیی لە بەرگی مەی و مەیگێڕدا دەنوێنێ، بەم چەشنەیە کە لە وەرگێڕانە تێکەڵ بە هەڵەکەی ئەودا کەسێک بە ناوی «ڕەنان» خەییامی ڕاستەقینەی ناسیوە.

کۆنترین کتێبێ کە باسی خەییامی کردووە و نووسەرەکەی هاوچەرخی خەییام بووە و خۆی بە قوتابی و هاوڕێی سەرسپێردراوی ئەو دەناسێنێ، نیزامیی عەرووزی، نووسەری «چوار مەقالە»یە، بەڵام ئەویش خەییامی خستووەتە ڕیزی ئەستێرەناسان و باسێک لە چوارینەکانی ناکات.

دوو کتێبی تر کە بە وتەی نووسەرەکەیان لە تەمەنی مندااڵیدا (٥٠٧ی کۆچی) بەختی بەشداریی کۆڕی وانەگوتنەوەی خەییامی بووە، «تاریخی بەیهەقی» و «تتمة صوان-الحکمة»ی ئەبولحەسەنی بەیهەقییە کە دەوروبەری ساڵی ٥٦٢ی کۆچی نووسراون، ئەویش شتێکی ئەوتۆی لەسەرخەییام نییە؛ تەنیا باس لەناوونیشانی دەکا و دەنووسێ: «خەییام بە دەستوور، فەیلەسوف و حوجەتولحەق ناسراوە؛ باوباپیرانی هەموو خەڵکی نەیشابوور بوون؛ لە زانست و حیکمەتدا شوێنهاتی ئەبوو عەلی بووە؛ بەڵام لە باری کەسایەتییەوە مرۆڤێکی وشک و ناوچاوگرژ و کەم تاقەت بووە»، چەند بەرهەمێکیشی لێ هەڵدەدا و تەنیا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خەییام جگە لە بیرکاری و ئەستێرەناسی، لە پزیشکی و وشەناسیی و ئایین و میژووشدا شارەزایی و ناوبانگی هەبووە، بەڵام هیچ باسێک لە چوارینەکانی ناکات.

وێدەچێ چوارینەکانی خەییام لە سەردەمی ژیانیدا، لەبەر دەمارگیری خەڵک شاردرابنەوە و تەنیا تاقمێک لە



خەییام

هەڤاڵە ڕاستەقینە و جێ باوەڕەکانی ئاگاداری بووبێتن، یان لە پەراوێزی کەشکۆڵ و کتێبی کەسانی بەزەوقدا، ناوەناوە چەند چوارینەیەک نووسرابن و لە پاش مردنی بڵاوبووبێتنەوە کە تۆمەتی گومڕایی و لادەرییان لێ درابێ و دواتر تێکڕای چوارینەی شوێنکەوتووان، هەروەها دوژمنانی، کۆکرابێتنەوە، دواجار ڕەنگدانەوەی چوارینەکانی خەییام لە کتێبی «مرصادالعباد»دا دەبینین.

«خریدة العصر» نووسینی عیمادەددین کاتبی ئیسفەهانی کە لە ساڵی ٥٧٢ی کۆچی واتا نزیکەی ٥٠ ساڵ پاش مردنی خەییام بە زمانی عەرەبی نووسراوە، یەکەم کتێبە کە خەییامی بە شاعیر ناوبردووە و خستوویەتییە ڕیزی شاعیرانی خۆراسان و لە بەسەرهات و ژیانیشی دواوە.

کتێبێکی تر کە خەییامی بە شاعیر ناو بردووە «مرصاد العباد» نووسینی نەجمەددینی ڕازییە کە لە ساڵەکانی نێوان ٦١٠ تا٦٢١ی کۆچی نووسراوە، ئەم کتێبە بەڵگەیەکی مەزنە؛ چونکە نووسەرەکەی وشکەسۆفییەکی دەمارگر بووە و بێ نرخانە سەیری ڕوانگەی خەییامی کردووە و بە فەلسەفی و بێ بڕوا و سروشتیخواز ناوی بردووە و دەنووسێ:

«بەرهەمی ڕوانین ئیمانە و بەرهەمی هەنگاونان عیرفان؛ فەلسەفی و بێ بڕوا و سروشتیخوازان لەم دوو

پلەیە بێ بەرین و سەرلێشێواون، یەک لەوانە کە لە چاوی نەزانان و بێ ئاوەزاندا بە زانایی و ژیری و زیرەکی بەناوبانگە، عومەری خەییامە کە لەوپەڕی سەرسوڕمان و سەرلێشێواویدا ئەم دێڕانەی گوتووە:

لەم جەغزە کە شوێنی هاتوچۆی هەمووانە
بێ ژێر و سەرە و دوور لە پوان و سوانە
کێ زانی لە کوێوە هاتووە و کێوە دەچێ؟
هۆزان و نەزان وەک یەکە، سەرگەردانە!(١)

* * *

ئەم خەڵکە لە کارگای خودا دێتە دەرێ
هەر کاری ئەویشە سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ
ئەی خوایە ئەگەر باش بوو لە پای چی نەتهێشت
گەر پووچ و چرووکە کێیە کردوویە بەرێ».

هەروەها دەنووسێ: «ئەم کابرا سەرسەری و سەرلێشێواوە لەمەڕهۆ و حیکمەتی مراندنی پاش ژیان و زیندووکردنەوەی پاش مردن، گوتوویی: ئەم خەڵکە لە کارگای خودا دێتە دەرێ...».

داوەریی ئەم کابرایە بایەخێکی تایبەتی بۆ ناساندانی فیکر و فەلسەفەی خەییام هەیە، ئەم نووسەرە سۆفییە، خۆی لە تیز و تەشەر، تەنانەت جنێو و خراپە نەبواردووە، ئەڵبەت نووسەری ئەم دێڕانە، بەهۆی نزیکی مەودای زەمەنی، شارەزایی زیاتری لەسەر ژیان و بیرکردنەوە و بەرهەمەکانی خەییام هەبووە؛ بۆیە بۆچوونی خۆی بەو چەشنە دێنێتە زمان، پێتان وا نییە ئەمە خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە خەییام نەک هەر سۆفی و ئایینخواز نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکێک بووە لە دوژمنە تۆقینەرەکانی ئەم تاقمە؟

زانیاریی دیکەش لە هەندێ کتێبی کۆنی وەک «نزهة الارواح»، «تاریخ الحکما»، «آثار البلاد»، «فردوس التواریخ» و هی تردا لەمەڕ خەییام هەن کە زۆربەیان ناڕاست و دەمارگرانەن و بەگوێرەی ئەفسانە و چیرۆکی هەڵبەستراو نووسراون و لە خەییامی ڕاستەقینەوە زۆر دوورن، ئێمە لێرەدا دەرفەتی ڕەخنەنووسینمان لەسەر ئەوانە نییە.

تاقە بەڵگەی گرینگی چوارینە ڕاستەقینەکانی خەییام کە ئێستا لەبەردەستدایە، بریتییە لە سێزدە چوارینەکەی کتێبی «مونس الاحرار» کە لە سالّی ٧٤١ی کۆچی مانگیدا نووسراوە، ئەم سێزدە چوارینەیە لە بەشی کۆتایی کتێبەکەی «فریدریش ڕۆزن»ی ئەڵمانیدا کە لە بەرلین بڵاو بووەتەوە، کۆپی کراون. چوارینەکان ئەمانەن:

(١)

ئەم بوون و ژیانەی هەیە چۆن ڕووی داوە؟
ئەنجامی چییە و بۆ چییە، چی بە دواوە؟
هیچ کەس نەبووە و نیشە بەڕاست بیزانێ
هەر کەس بە خەیاڵ شتێکی بۆ هەڵداوە

* * *

(٢)

لەم جەغزە کە شوێنی هاتوچۆی هەمووانە
بێ ژێر و سەرە و دوور لە پوان و سوانە
کێ زانی لە کوێوە هاتووە و کێوە دەچێ
هۆزان و نەزان وەک یەکە، سەرگەردانە!

* * *

(٣)

ڕۆزی و تەمەنت پتر بکەی ناتوانی
بۆ زۆر و کەمیش پەرۆش و سەرگەردانی
زۆر دەستەوسانیت و بزۆزیشی بە دەم
ئاواتی دڵت لە مێو بکەی نازانی

* * *

(٤)

زانیوتە لە حەوت و چوارەوە هاتی کە بووی
گێژیت و لە بیری چوار و حەوتا ون بووی!
ئاسوودە بژی هەزار کەڕەت پێتی بڵێم:
نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چووی هەر چووی

* * *

(٥)

بارانە، دڵۆپێکی ڕژا دەریاوە
خۆڵێکە گەڕ و خولیە لە بەردەم باوە
ئەم هاتنی ناو ژیان و چوونت چۆنە؟
مێشوولەیەک و تۆزێ گەڕا و گەڕیاوە

* * *

(٦)

بایی مەبە بە ژیان و کەمێ ڕامێنە
زۆری وەکو تۆ ئێستە سەتی لە شوێنە
دڵخۆش بە تا ماوی، مەرگ وا لە کەمین
تا تۆش نەڕفێنراوی، بەشت بڕفێنە

* * *

(٧)

پەندێکی منداڵکەت بدە مامەی پیر
با بازی بە خاک و گڵ نەکا ژیری بەبیر
بێژنگی لە دەس دەرێنە بەس دابێژێ



شەکسپیر

کەللەی سەری پاتشا و میر و وەزیر
*** * ***
(٨)
ئەو دەمەی باران دەشوا ڕووی گوڵان،
کاتی سەیرانە و گوڕانی و دیلان
ئەو مێرگوڵانەی سەیرانگای مەیە،
خۆڵی من و تۆ شینی دەکا دیسان
(وەرگێڕ)
*** * ***
(٩)
گەردوون لە سەری دایە خەیاڵێ بۆمان
هەروا دەگەڕێ بکۆڵێ چاڵێ بۆمان
ئاڵە و شەوە ببیا! چ دەکا با بیکا
مەیگێڕ شەوی خۆشە تێکە ئاڵێ بۆمان
*** * ***
(١٠)
گۆزێک لە دەسم شکابوو، ئەو گریا بۆم:
خەم داتنەگرێ منیش یەکێکی وەکو تۆم
زۆر جارێ منیش وەکو تۆ گۆزەم دەشکاند
تۆش ڕۆژێ دەبی بە گۆزە دەشکێی وەک خۆم
*** * ***
(١١)
پێک نایە تا سەر لە جیهانا گیربوون
زۆر شێتێیە بێ بادە بژیم سیس و زەبوون
دەس بەردە لە کۆن و تازە و ترس و ئومێد
دنیا کە نەمام تازەیە، یان کۆنە بەتوون
*** * ***
(١٢)
خەو بەسیە، بەیانە، هەستە چاوکاڵی شەپاڵ
گفتێکی شیرین بکە مەزەی بادەی تاڵ
کاروانی ژیان دەئاژۆێ ڕوو بە نەمان
هاکا من و تۆش دەبینەوە خەون و خەیاڵ
*** * ***
(١٣)
زانا لە جیهان کەسێکە خەم دانەگرێ
دڵتەڕ بژی، وشکی لە دڵا ڕانەگرێ
تا سواڵەتی ژین بە بەردی مردن دەشکێ،
دەستی لە ملی شووشە و یار لانەگرێ

ئەم چوارینەگەلە سەرەڕای لە مێژینەبوونیان، لەگەڵ ڕوح و فەلسەفە و جۆری بیرکردنەوەی خەییامدا دێنەوە و ڕەخنەی نووسەری «مرصاد العباد»یش لە سەریان ڕاستە، کەوایە لە ڕەسەن بوونی ئەم سێزدە چوارینەیە و دوو چوارینەکەی «مرصاد العباد» کە یەکیان لەهەردوو سەرچاوەدا دووپات بووەتەوە (ژمارە٢)، هیچ گومانێک نییە و بۆمان دەردەکەوێ کە دانەری ئەم شیعرانە، فەلسەفەیەکی سەربەخۆ و هزر و ڕێبازێکی دیاریکراوی هەبووە و سەلمێنەری ئەوەیە کە خەییام فەیلەسووفێکی ماددی و سروشتیخواز بووە، بۆیە دەتوانین لەوە دڵنیا بین کە ئەم چوارده چوارینەیە، ڕەسەنن و دەکرێ بیانکەینە پێوەر و کەرەستەی ناسینی پاشماوەی چوارینەکانی، ئەم چوارده چوارینەیە بەڵگەی سەرەکی ئەم نووسینەن و بەم پێیە هەر چوارینەیەک کەوا وشە، یان ئاماژەیەکی سۆفییانەی تێدابێ، ناتوانین بە هی خەییامی بزانین.

گرێیەکی تر کە پێویستە بکرێتەوە، ئەوەیە کە دەڵێن خەییام بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی، چەند جار بیر و بۆچوونی گۆڕیوە؛ سەرەتا خەمسارد و شەرابخۆر و بێ بڕوا و لادەر بووە و لە کۆتایی تەمەنیدا بەختی هێناویە و ڕێگایەکی بەرەو لای خـــــوای دۆزیوەتەوە، دەڵێن شەوێکیان سەرقاڵی خواردنەوە دەبێ، لە ناکاو بایەکی بەهێز هەڵدەکا و کووپەی شەرابەکەی ئەدارنێتەوە و دەیشکێنێ؛ ئەوجا خەییام تووڕە دەبێ و بە خوا دەڵێ:

شووشەم ئەشکێنی بەقەستی خوایە
ڕێی نەشئە و بەزمم ئەبەستی خوایە

شەرابی ئاڵم ئەڕێژیتە خاک
هەی خاکم بە دەم بۆچ مەستی خوایە
(گۆران)

خوا لێی تووڕە دەبێ و خێرا سیمای خەییام ڕەش هەڵدەگەڕێ؛ ئەمجا دەڵێ:

کێیە بێ گونای ڕووی دنیا ؟ بڵێ
بێ گونا کردن چۆن ژیا ؟ بڵێ
کە من بەد بکەم، سزای تۆش بەد بێ
تۆ و من جیاوازین لە چییا ؟ بڵێ
(گۆران)

خواش لێی دەبووڕێ و دەموچاوی بریقەی تێ دەکەوێ و دڵی ڕووناک دەبێتەوە؛ پاشان دەڵێ: «خوایە بەڕەو لای خۆتم بانگ بکە»، بەم چەشنە مەلی گیانی لە باڵ دەدا و سەردەکەوێ بۆ لای خودا!

ئەم چیرۆکە پەرجۆئاسا و گاڵتەجاڕانەیە، خراپتر لە جنێوەکانی نەجمەددینی ڕازی بێ ڕێزی بە پێگەی خەییام دەکات و ئەفسانەیەکی منداڵانەیە و زۆر نەزانانە داڕێژراوە، ئایا دەکرێ بڵێین بیژەری ئەو چاردە چوارینە تۆکمە فەلسەفییە کە بە هەزاران تیز و تەشەر و گاڵتەوە دنیا و ئەوەی تێیدایە دەکاتە ئامانج و سەر دەخاتە سەری، لە کۆتایی تەمەنیدا ئەسرین بڕژێنێ و لەو خودایەی بۆخۆی مەحکوومی کردووە، بە وشە و وتەی مەلایانە داوای لێبوردن بکات؟ لەوانەیە یەکێک لە هاوڕێیان و لایەنگرانی بۆ پاریزگاری لەم خەزێنە پڕ بایەخە، ئەم چیرۆکەی هەڵبەستبێ تا ئەگەر هاتو کەسێک چوارینە ڕەق و تیژەکانی وەبەر گوێ کەوت، بە چاوی لێبوردن و لێخۆش بوون لە بیژەرەکەی بڕوانێ و خوازیاری بەزەیی خوا بێ بۆی!

چیرۆکێکی تر هەیە کە گوایە لە پاش مردنی خەییام، دایکی شەو و ڕۆژ گریاوە و لە خوا پاڕاوەتەوە لە کوڕەکەی خۆش بێ؛ ڕوحی خەییامی لە کاتی خەودا لێ دەردەکەوێ و ئەم چوارینەیە دەهۆنێتەوە:

هۆ ئەی سووتاوی سووتاوی سووتاو
ئاگری دۆزەخ بە تۆ هەڵکراو
تا کەی دەبێژی عومەر ببەخشە
خودا و لێبوردن؟ هەی خەیاڵی خاو
(وەرگێڕ)

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە توانایی و لێهاتوویی خەییام لە دنیاکەی تردا زۆر دابەزیوە کە ئەم چوارینە هیچوپووچە مەلایانەیەی هۆنیوەتەوە.

لەم چیرۆکانە دەربارەی خەییام زۆرن کە شیاوی باس کردن نین و ئەگەر کۆ بکرێنەوە کتێبێکی گاڵتەجاڕانەی باشی لێ دەردێت، تەنیا شتێک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە بزانین کاریگەریی بیر و بۆچوونی خەییام لە نێو ئەو خەڵکە دەمارگر و دواکەوتوو و کۆنەپەرستەدا چۆن بووە، ئەم لایەنە لە باشتر ناسینی خەییامدا یارمەتیمان دەدا؛ چونکە دادگانی و ڕادەربڕین لەمەڕ ئەو، هەر لە کۆنەوە لە لایەن خەڵکی ئاسایی و وشکەسۆفی و شاعیرانی پلە سێ و چوارەوە دەستی پێ کردووە و بەم چەشنە هۆکاری تێکەڵ بوونی چوارینەکانی لەگەڵ هزری لێک جیاوازدا ئاشکرا دەبێ و دەبینین کەسانێ کە بەرژەوەندییەکانیان لە لایەن خەییامەوە کەوتبوونە بەر هەڕەشە، تا چ ڕادەیەک بۆ شێواندن و خراپ کردنی هزر و ڕای ئەو تێکۆشاون.

ئێمە بە چوارینەکانی خەییام خۆی، دەیسەلمێنین کە بیر و بۆچوونەکانی هەمیشە یەک چەشن بوونە و لە گەنجییەوە تا پیری فەلسەفەیەکی دیاریکراوی هەبووە و ڕوانگەکانی نەختە گۆڕانێکیشیان بە سەردا نەهاتووە و تۆزقاڵێکیش بیری لە پەژیوانی و تۆبە و پاشگەزبوونەوە نەکردۆتەوە.

لە تافی لاویەتیدا بە سەرسامییەوە لە خۆی دەپرسێ کە وەستا و نیگاروانی بێ کۆتایی بۆچی ئەوی ئافراندووە؟ شێوە پرسیاری تا ئەو ڕادەیە ئاسایی کە هاوکات هەڵگری هزرێکی قووڵ بێ، تایبەت بە خەییامە:

هەر چەندی بڵێی بە بەژن و باڵا جوانم
ڕوومەت گوڵ و چاوکەژاڵ و لێوقەیتانم
وەستایێ کە وای لە خاک و گڵ داڕژتم
نیازی لەمە چی بوو؟ بۆچی کرد؟ نایزانم

هەر لە سەرەتای لاوییەوە ژیانی تاڵ و ناخۆشی دیوە و لە نێو شەرابی تفتوتاڵدا بۆ دەرمانی ئازارەکانی گەڕاوە:

مەی بیرەوەری چاخی جوانی خۆمە
هاوڕاز و گلەیی ڕۆژ و شەوانی خۆمە
ئاڵە وەک چاوەکەم لە دووری یاران
تاڵە و بەلەزەت وەک ژیانی خۆمە

لەم چوارینەیەدا ئاخ و داخی بەسەرچوونی تەمەنی گەنجی لە ناخیدا سەری هەڵداوە:

زستانی ژیانە وا قەڵی مەرگە قڕی
پیری مڵەیەک بوو ڕەگی لاوێی بڕی
بااڵداری جوانیم لە لکی ئاواتم

هاواره له من چ زووبەزوو نیشت و فڕی

شاعیر بە دەستی لەرزۆک و قژی سپییەوە مەیلی مەی دەکا، ئەگەر ئەو باوەڕی بە دنیایەکی تر و ژینێکی باشتر بوایە، بێ گومان پەژیوانی دەنواند بەشکو پاشماوەی ڕابواردن و کەیفخۆشییەکانی بۆ دنیاکەی تر دابنێ، ئەم چوارینەیە بە تەواوی داخگرانیی فەیلەسووفێکی سروشتیخواز نیشان دەدا کە لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا سێبەری مەرگ لە تەنیشت خۆیەوە دەبینێ و دەیەوێ ئۆقرەیی بە خۆی ببەخشێ، بەڵام ئۆخژنی خۆی لە پیاڵەی شەرابدا دەپشکنێ، نەک لە ئەفسانە ئایینییەکاندا:

دووڕوویی بەسە ڕوو دەکەمە مەیخانە
ئەم ڕیشی سپی بە مەی بڕەنگێ جوانە
پێوانی تەمەن گەییشتە حەفتا، تا کەی
خۆم هەروەک هەم نیشان نەدەم شێتانە

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێ شێوازی بیرکردنەوە و چوارچێوە و زمان و فەلسەفەی هونەری ئەم چوار چوارینەیە کە لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا گوتوونی، وەک یەک وان، کەوابوو دەکرێ بە دڵنیاییەوە بێژین خەییام لە تەمەنی گەنجێتییەوە تا کاتی مەرگ، مادەپەرست و ڕەشبین و دوودڵ بووە (یان تەنیا لە چوارینەکانیدا وای نواندووە)، خەییام شێوە وتنێکی کارەساتئاسای هەیە و دیارە جگە لە بێژەری ئەو چواردە چوارینەیەی باسمان کرد، کەسی تر نەیگوتووە و دەبینین شێوازە ئەدەبی و فەلسەفەییەکەی گۆڕانی بەخۆوە نەدیوە، تەنیا لە کۆتایی تەمەنیدا بە جەبرێکی نائومێدانەوە بۆ کارەسات و ڕووداوە نەگۆڕەکانی دنیای ڕوانیوە و ڕەشبینییەک هەڵدەبژێرێت کە لە ڕوالەتدا لە گەشبینی دەچێت.

بەکورتی، ئەم شیعرە چواردێڕییە بەرتەسک، بەڵام پڕناوەرۆکانە، ئەگەر دە دانەشیان لێ بمابایە، ئەوجاریش دەمانتوانی تێ بگەین کە شاعیرەکەی لە بەرانبەر تەوەرە گرنگەکانی ژیاندا چ بوارێکی هەڵبژاردووە و چۆن بیری کردووەتەوە، کەوابوو ئێمە دەتوانین بە پیێ ئەم پێوەرە، چوارینە ڕاستەقینەکان لەم ئاژاوە و ئاڵۆزییە دەراوێژین و ڕزگاریان بکەین، بەڵام ئایا کارێکی سانایە؟

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، «ژوکۆڤسکی»، لە نێو ئەو چواریانەی دەدرێنە پاڵ خەییام، ٨٢ چوارینەی جیاکردۆتەوە کە بە هی کەسانی تریش دەزاندرێن؛ پاشان ژمارەی ئەو چوارینەگەلە گەیشتە ١٠٠ دانە، بەڵام ئەم ڕیزنووسەش جێی گومانە؛ چونکە ئەو ڕۆژهەڵاتناسە، ڕیزنووسەکەی بە گوێرەی وتەی کەشکۆڵنووسان -کە زۆربەیان هەڵەن - ڕێک خستووە و ئەوانیش سەرەڕای سڕینەوەی ناوی خەییام لەسەر چوارینەی کەسانی تر، زۆربەی چوارینەکانی ئەویان بە ناوی کەسانی دیکەوە هێناوە، جگە لەوەش هەست-ناسکی، جوانی شیعر، بیری ڕوون و بەنرخ و فەلسەفەی وردبینانەی خەییام ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە خەییام بێجگە لەو چوارینە ڕاستەقینانەی لێی بەجێ ماون، شیعری تریشی هۆنیوەتەوە کە لە ناویان بردوون و ئەوانەی ماونەتەوە تۆزی تێپەڕبوونی زەمەنیان لێ نیشتووە و تووشی جیاوازی و گۆڕان بوونە، بێجگە لە خەمساردی و هەڵەی نووسەران و گۆڕینی وشەکانی خەییام کە هەر کەسە و بە دڵی خۆی دەستی تێوەرداوە، گۆڕانکاری بەئەنقەستیش بە هۆی کەسانی ئایینی و وشکەسۆفییەوە لە هەندێ چوارینەدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە چوارینەی:

بێخەم بە! ژیان هەڵێکە هاکا مردی...

لە زۆربەی زۆری دەقەکاندا «بەخەم بە» نووسراوە، کەچی چوارچێوەی شیعر و ناوەرۆکەکەی ئاوەژووی ئەوە نیشان دەدات، بەڵگەیەکی تر بۆ دژەئایین بوونی بیری خەییام، شپرزەبوون و تێکەڵ کردنی چوارینەکانین لەگەڵ چوارینەی کەسانی تر، بەم چەشنە کە هەر کۆلکەمەلایەک کە شەرابی خواردۆتەوە و لەم بوارەدا چوارینەیەکی هۆنیوەتەوە، لە ترسی تەکفیر و لادەریی، ناوبەتە مل خەییام، بۆیە دەتوانین ئەو چوارینانەی باس لە خواردنەوە و مێبازی دەکەن بە بێ ئەوەی خاڵێکی فەلسەفییان تێدا بێ، هەروەها ئەوانەی لە هزرێکی ناتەواو و بەنگییەوە سەرچاوە دەگرن و هەڵگری ناوەرۆک و مانای ڕوالەتی و لاوازن، بیانخەینە لاوە و تووڕیان بدەین، بۆ نموونە پێتان سەیر نییە کە لە نێو چوارینەکانی خەییامدا ئەم چوارینەیەتان بکەوێتە بەرچاو؟

تۆ کە زەردەشتت هەڵبژاردووە،
لە ئیسلامەتی خۆت بواردووە،
تا کەی سەرمەستی و سەیری چاومەستان
واز بێنە تاکو نەتیان کوشتووە
(وەرگێڕ)

ئایا ئەم چوارینە تێکەڵ بەهەڕەشەیە، لە ماوەی ژیانی خەییامدا وتراوە و ویستوویانە بیکوژن؟ جێی گومانە؛ چونکە چوارچێوەی چوارینەکە باس لە سەردەمێکی نوێتر لە سەردەمی خەییام دەکات؛ بەڵام هەر چۆنێک بێت نیشاندەری ڕوانگەی دانەرەکەیەتی و ڕادەی تێکەڵ

بوونی چوارینەی کەسانی تر لەگەڵ چوارینەکانی خەییامدا دەردەخات.

ئاشکرایە تا ئەو کاتەی دەقێکی دەستنووس کە لە باری کات و ڕێکەوت و ڕاستی بەڵگەوە، وەک سێزدە چوارینەکەی کتێبی «مونس الاحرار» نەدۆزینەوە، دەرکردنی بڕیاری کۆتایی لەسەر شیعرە ڕاستەقینەکانی خەییام کارێکی ئەستەمە، هۆنەرانێکیش هەڵکەوتوون کە چوارینەکانیان بەپێی بیر و ڕوانگەی خەییام هۆنیوەتەوە و تێکۆشاون لاسایی ئەو بکەنەوە، ئەگەر ناوەرۆکی چوارینەیەک بە پێچەوانەی ڕوانگە و بۆچوونی خەییام بێ، هەرچەند لە ڕواڵەت و زمانیشدا جوان بێ، بە دڵنیاییەوە دەتوانین لە چوارینە ڕاستەقینەکانی خەییامی جیا بکەینەوە؛ چونکە چوارینەکانی خەییام زمانێکی ساکار و ڕوون و تەواویان هەیە و گاڵتە و تیز و تەشەریان زۆر توند و بوێرانەیە، کەوابوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر چەشنە بیرێکی لاواز کەوا خرابێتە قاپلۆخێکی ناڕێکەوە بە هی خەییام نەزانین، ڕوانگەی خەییام، ڕوانگەیەکی فەلسەفی و شێوە دەربڕینێکی ئازادانە و ئازایانە و شیرین و ڕوونە، ئەمانە تایبەتمەندییەکانی خەییام و چوارینەکانین و دەکرێ ببنە پێودانگی هەڵبژاردنی چوارینە ڕاستەقینەکانی.

ئێمە ئێستا چوارینەکان هەر بە ناوی خەییامی ئەستێرەناس و بیرکارەوە دەهێنین؛ چونکە کەسێکی دیکە خۆی بە خاوەنیان نەزانیوە و هێشتا نازانین ئەم چواریناند هۆنراوەی خەییامی ئەستێرەناسن، یان خەییامێکی تر، بۆ پێکانی ئەم ئامانجە دەبێ بزانین شێوازی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەی چۆن بووە.

خەییامی فەیلەسووف

فەلسەفەی خەییام هەرگیز کۆن نابێ؛ چونکە ئەم شیعرە بە ڕواڵەت بچووک و بە ناوەرۆک پڕ مانا و پڕ بایەخانە نیشاندەری هەموو ئەو گرفتە گرینگ و نائاشکرا فەلسەفییانەن کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا مرۆڤی تووشی سەرلێشێواوی کردووە؛ نیشاندەری ئەو هزرانەیە کە بە زۆرەملێ بە سەریدا سەپێنراوە و ئەو نهێنییانەیە کە کەس سەری لێ دەر نەکردوون، خەییام بووەتە نوێنەری ئەم ئەشکەنجە دەروونیانە و هاوارەکانی ئەو، ڕەنگدانەوەی ئازار، دڵەڕاوکێ، ترس، هیوا و نائومێدی ملوێنان بەرەی مرۆڤە کە ئەمانە پەیتاپەیتا و بە دریژایی ژیان بوونەتە هۆی ئازاری دەروونیی و ئالۆزیی بیروڕایان، خەییام لە شیعرەکانیدا تێدەکۆشێ بە شێوەزمانێکی سەرسوڕهێنەر، چارەسەرێک بۆ ئەو هەموو کێشە و مەتەڵ و پرسیارە بێ وەڵامانە بدۆزێتەوە، ئەو لە بن پێکەنینی تووڕە و لەرزێنەریەوە باس لە کێشە ئایینی و فەلسەفییەکان دەکات، پاشان بە شوێن ڕێگەچارەیەکی ژیرانەدایە بۆیان.

بەکورتی، هۆنراوەکانی خەییام ئاوێنەیەکە هەموو کەسێک تەنانەت مرۆڤی خەمساردیش تۆزێک لە ڕوانگە و بەشێک لە نائومێدییەکانی تێدا بەدی دەکات و دەیهەژێنێت، لە چوارینەکانیدا چەشنە ڕوانگەیەکی فەلسەفی، خۆی دەنوێنێ کە ئەمڕۆکە بۆتە جێی سەرنجی زانایانی سروشتیخواز، شەرابە تاڵەکەی خەییام تا کۆنتر دەبێ، سەرخۆشیشی زۆرتر دەبێ؛ بۆیە چوارینەکانی خەییام لە هەموو دنیادا و لە هەموو شوێنێکدا و لە نێوان گەلانی جیاجیادا جێی خۆیان کردۆتەوە.

هزری خەییام لە بەرهەمی شاعیر و فەیلەسووفە مەزنەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هیچیان پێی نەگەیشتوون و ئەو لە شێوازەکەی خۆیدا لە پێش هەموویانەوەیە، بیچمی هێمنی خەییام زۆرتر فەیلەسووف و شاعیرێکی مەزنی هاوشانی لۆکرس، گووتێ، ئپیکۆر، شکسپیر و شۆپنهاوەرمان وەبیردێنێتەوە.

ئێستا بۆ ئەوەی بتوانین دەست وە سەر ڕوانگە و فەلسەفەی دانەری ئەم چوارینەگەلەدا بگرین و باشتری بناسین، دەبێ کەڵک لە ڕوانگە و فەلسەفەی نێو چوارینەکان وەرگرین؛ چونکە جگە لەوانە هیچی ترمان لەبەر دەستدا نییە و ئێمە لە ژیانی ناو خێزان و دەرەوەی و ئەو کەسانەی پێوەندی پێوەکردوون و شوێن و شێوازی ژیانی و کاریگەریی بنەماڵە و ئەو فەلسەفەیەی شوێنی کەوتووە، هەروەها ڕاهێنانی زانستی و فەلسەفی ئەو پیاوە، هیچ زانیارییەکمان لەبەر دەستدا نییە.

هەرچەندە بڕێک بەرهەمی زانستی و فەلسەفی و ئەدەبی لە خەییام بەجێ ماون، بەڵام هیچیان لەم توێژینەوەدا یارمەتیمان نادەن؛ چونکە تەنیا چوارینەکانن کە لایەنی نهێنی و شاردراوەی دڵی خەییام دەنوێنن، ئەو کتێبانەی کە خەییام بەپێی خواستی سەردەم، یان بە فەرمانی کەسانێک نووسیونی، تەنانەت ماستاوکەرانە و تێکەڵ بە خوڵتەن و بە تەواوەتی فەلسەفەکەیان بۆ دەرناخەن.

یەکەم شت کە لە چوارینەکانی خەییامدا هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو زۆر بوێرانە بە بیری ئاگرینی خۆی

هیچ کام لەو ڕوانگە دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەی هاوزەمەنەکانی خۆی و فەلسەفەی ئایینییان قبوولّ ناکات و وتە و فشە و هووشەیان بە پووشێ نازانێ، کتێبی «اخبار العلماء باخبار الحکماء» کە لە سالّی ٦٤٦ی کۆچیدا نووسراوە، سەبارەت بە شیعرەکانی خەییام ئاوای گوتووە:

«...ناوەرۆکی ئەو شیعرانە بۆ ئایین وەک مار و حەفی و زنجیری تاریکی بوون، ئەو دەمەی خەلّک هەستیان بە لادەریی و بێ دینی ئەو پیاوە کرد و بیرە نهێنییەکانی ئاشکرا کرا، ترسی کوژرانی لێ نیشت و هەوساری زمان و خامەی خۆی توند کرد و ڕۆیشت بۆ حەج، ئەمجا نهێنییە پیسەکانی درکاند، زۆر شیعری بە ناوبانگیشی هەیە کە باس لە لایەنە شاردراوەکانی دڵی دەکەن و ئەم دڵناپاکییەی دەبێتە هۆی ناپاکی و ڕەشیی مەبەست و ئامانجی».

کەوایە دەبێ خەییام جۆرێک بۆچوونی تایبەتی لەمەڕ دنیا هەبووبێ؛ با بزانین چۆنی بیرکردۆتەوە: ڕاستییەک کە حاشای لێ ناکرێ ئەوەیە کە بیژەری ئەم شیعرانە بە چاوی گاڵتە و تیزەوە لە هەموو بابەتە ئایینییەکانی ڕوانیوە و بە زمانی توانج هێرش دەکاتە سەر ئەو شێخ و مەلایانەی باس لەو شت و شوێنانە دەکەن کە بۆخۆشیان لێیان بێ ئاگان، ئەمە سەرهەڵدانی ڕوحی ئارایییە لە دژی بیروباوەڕی سامی، یان تۆڵەسەندنەوەی خەییامە لەو ژیارە پیس و کۆنەپەرستە کە ڕوانگەی دانیشتوانەکەی، بێزاری کردووە؟ ئاشکرایە خەییامێ کە فەیلەسووفە و مێشکی تەژی لە بیری ئازاد و ڕەخنەگرانەیە، ناتوانێ کوێرانە بۆ بڕیارە هەڵە و زۆرەکی و بێ ئاوەزانەکانی مەلایانی سەردەمی خۆی سەر دانەوێنێ و گوێ بۆ چیرۆکە پووچەڵ و داوە خەڵەتێنەرەکانیان ڕادێرێ و بڕوایان پێ بهێنێ، چونکە دین بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرکی زۆرەکی کە بەڕێوەبردنیان لەسەر هەر مرۆڤێکە بە بێ ئەوەی بزانێ چیشن و بۆیشی نییە گومانی لێیان هەبێت، ئاوەهایە کە تاقمێک بە نێوی پاریزەرانی ئایین و بە چەکی ئایینەوە خەڵکیان خەڵەتاندووە و سواری سەریان بوونە، بەڵام خەییام گەمەی بەم بابەتانە کردووە و ئەم بۆچوونانەی بە هیچ زانیوە و ویستوویەتی بە کردەوە و بە تاقی تەنیا ئەو مەتەڵانە هەڵبێنێ و تەوەرەکانی مەرگ و ژیان بە گەشبینییەوە و بەپێی ئاوەز و مەنتیق و ڕاستیی و بە سەرنجدان بە شتە بەرچاوەکان، هەروەها ئاراستەی سروشتیی ژیان، لێکبداتەوە، ئاوایە کە دەبێتە بینەری بێ لایەنی کێشەکانی دنیا و ڕۆژگار.

خەییام بە پێچەوانەی زۆربەی زانایانی ئەو سەردەمە، تەنیا گرینگی بە خواستی دڵ و هەستی خۆی نادا و بەوانە ڕازی نابێت و وەک هۆزانێکی ڕاستەقینە، ئەو شتانە دەهێنێتە زمان وا لە ئەنجامی تاقی کردنەوە و ڕاڤەی بابەتەکاندا بۆی دەرکەوتوون، لەم سەردەمەدا ئەگەر کەسێک درۆبوونی چیرۆکە ئایینییەکان بسەلمێنێ، کارێکی ئەوتۆی نەکردووە و پووچەڵ بوونیان بە هۆی پێشکەوتنی زانستەوە سەلمێنراوە، بەڵام ئەگەر ئەو سەردەم و شوێنەی کە خەییامی تێدا ژیاوە لەبەر چاو بگرین، کارەکەی سەد ئەوەندەی تر گرینگتر دەنوێنێ.

هەرچەند خەییام لە کتێبە زانستی و فەلسەفییەکانیدا کە بە فەرمان و داوای دەسەڵاتداران نووسیونی، ڕاستییەکانی شاردۆتەوە و خۆی بە بێ لایەن داناوە، بەڵام لە نێو نووسراوەکانیدا هەندێ بابەتی زانستیی دەبینرێن کە قسەی دڵی خۆین، بۆ نموونە لە لاپەڕە ٤ی «نەورۆزنامە»دا دەنووسێت:

«لەسەر فەرمانی خوای مەزن بارودۆخی دنیا گۆڕا و شتی نوێ هاتنەکایەوە؛ وەک ئەو شتانەی شیاوی جیهان و گەڕانن».

ئایا ڕستەی کۆتایی، هەر ئەو فورمۆلە بەناوبانگەی du Adaptation milieu نییە؟ چونکە ئەو پێی وانییە خوا بوونەوەرانی جیاجیای ئافراندبێ و دەڵێت بوونەوەران بەپێی گەڕانی دنیا، لەگەڵ شوێنەکەیان سازگار بوونە، ئایا خەییام پێش ٨٠٠ سالّ، ئەم ڕێسا زانستییەی بۆ دەرکەوتووە و بۆی چووە کە لە ئەوروپادا ئاژاوەیەکی گەورەی هەڵگیرساند؟ هەر لەو کتێبەدا و لە لاپەڕەی ٣٩دا نووسیویە:« خوای مەزن هەتاوی لە تیشک ئافراند و زەوی و ئاسمانەکانی بەو پەروەراند».

ئەم ڕستەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەییام نەک هەر فەیلەسووف و شاعیرێکی سروشتیخواز، بەڵکو زانایەکی سروشتیخوازیش بووە.

خەییام لە چوارینەکاندا کە لە دڵییەوە هەڵقوڵاون، ئەو نهێنی و شاردنەوەیەی ناوەتە لاوە و هەرگیز گوێی بۆ یاسا و ڕێساکانی دەوروبەری شل نەکردووە و ژیرانە پەردەی لەسەر لایەنە بێ بایەخەکانی لابردووە، شەڕی خەییام لەگەڵ کۆنەپەرستیی و دواکەوتوویی خەڵک، لە سەرانسەری هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێ و تیر و توانجە تیژەکانی، شێخ و مەلا و ئایینییەکان دەکاتە ئامانج و

وەها زیرەکانە و لێهاتووانە هێرشیان دەکاتە سەر کە وێنەی نەبووە.

خەییام لەسەر باس و تەوەرەکانی پاش مردن، بە زمانی گاڵتە و گومانەوە و بە وشەی «گۆیا» و «بیستوومە» دێتەزمان:

بیستوومە بەهەشتێ هەیە حۆری تێدا
ڕووباری شەرابی پاکی دەڕوا پێدا
من لێرە مەی و یارێ پەیا کەم چ دەبێ؟
دەسکەوتەکە هەر یەکن بە هەردووک ڕێدا

* * *

گۆیا لە بەهەشت مشەی فشە و خۆراکە
حۆری و کوڕ و هەنگوین و شەرابی پاکە
بۆم تێکە بە یادی کۆنەقەرزان مەیگێڕ
ئەم دەنگی دەهۆڵە تا لە دوور بێ چاکە

* * *

گۆیا لە جەهەندەمن ئەویندار و مەست
بەم واتەیە پێکەنیم و گوستی خۆم گەست
جێی چەند کەری کوڵکنە ئەگەر وا بێ بەهەشت
یان چۆڵ و بیابان و کپە وەک لەپی دەست

لەو سەردەمەیدا کە مرۆڤیان بە ئاوێنەی جوانیی خوا و بە ئامانجی ئافراندن دەزانی و هەموو ئەفسانەکان لەسەر ئەوە دروست بووبوون کە گوایە ئەستێرەکانی ئاسمان بۆ دەرخستنی چارەنووسی مرۆڤ چێ بوونە و زەوی و زەمەن و بەهەشت و دۆزەخ سەبارەت بەو هەڵدراوە و مرۆڤ دنیای گچکە و نموونە و نوێنەری دنیای گەورەیە، هەروا کە بابائەفزەل دەڵێ:

ئاسمان و توخم و گیا و ئاژەڵان / هەموو ئاوێنەی ناخی ڕوونی مەن(وەرگێڕ)،

خەییام ژیرانە و زانستییانە، مرۆڤ بە جامی جەم نازانێت و تەنیا بەقەد بوون و لەناوچوونی مێشوولەیەک بایەخی پێ دەدات:

ئەم هاتنی ناو ژیان و چوونەت چۆنە؟
مێشوولەیەک و تۆزێ گەڕا و گەڕیاوە

با بزانین لە بەرانبەر ڕەتکردنەوە و حاشا کردن لە بیر و بۆچوونی مەلا و زانا ئایینییەکان، بۆخۆی ڕێگاچارەیەکی بۆ کێشە ماوەراییەکان دۆزیوەتەوە؟

خەییام لە ئاکامی تێڕامان و تۆژینەوەکانیدا دەگاتە ئەو وەلامەی کە تێگەیشتنی مرۆڤ زۆر بەرتەسکە، لە کوێوە دێین و بۆ کوێ دەڕۆین؟ کەس نازانێ و ئەوانەی خۆیان بە زانا دەزانن و لە بارەی ئەم تەوەرانەوە دەدوێن، جگە لە قسەی قۆڕ هیچیان پێ نییە و خۆیان و خەڵکیش دەخەڵەتێنن، کەس لە نهێنییەکانی ڕۆژی بەرێ نەگەیشتووە و تێناگا، بۆ نموونە، گەر بزانین دنیا کۆنە، یان نا تازە و بەدیهاتوو، چی بەسەر ئێمەوەیە؟

پێک نایە تا سەر لە جیهانا گیربوون
زۆر شێتییە بێ بادە بژیم سیس و زەبوون
دەس بەردە لە کۆن و تازە و ترس و ئومێد
دنیا - کە نەمام - تازەیە یان کۆنە بەتوون

* * *

تا کەنگێ خەریکی پێنج و چواران مەیگێڕ
دڵخۆشی بدە بە کۆڕی یاران مەیگێڕ
ژین کورتە ئەوەی نایەنێ خەم دابگرین
بۆم تێکە بە یادی چاوخوماران مەیگێڕ

بۆچی ئێمە کاتی خۆمان بۆ بیر لە پێنج هەست و چوار هێمان بەفیڕۆ بدەین؟ کەوایە با کاتەکامان بە هیوا و ترسی خەیاڵاویی و شەڕەقسەی هیچوپووچ بەبا نەدەین؛ ئەوەی وتوویانە و ڕستوویانە ئەفسانە و درۆن؛ لەگەز و لیچاری گەردوون نە بە زانست و نە بە ئایین هەڵنایێ و تا ئێستا هیچمان بۆ ڕوون نەبۆتەوە؛ لەو دیوی ئەم زەوییەی لە سەری دەژین نە بەختەوەری هەیە و نە جەزرەبە؛ ڕابوردوو و داهاتوو دوو شتی نەبووە و ئێمە لە نێوان ئەم دووانەدا کە کەوشەنی دوو دنیایە، ئەو چەند ساتەی دەژین، خۆشی ڕابوێرین، کەڵکی لێوەربگرین و بۆ ڕابواردن بەپەلە بین.

بە بۆچوونی خەییام باخ و مەزرای شین و پاراو، تریفەی مانگەشەوی نێو جامی ئەرخەوانی، زایەڵەی دەنگی دڵبزوێنی چەنگ، مەیگێڕی ڕوومەت گەش و گوڵی تازەپشکووتوو تەنیا حەقیقەتەکانی ژیانن و وەک خەوێکی ناخۆش و تۆقێنەر تێدەپەڕن، با ئەمڕۆ خۆشی ڕابوێرین، کەس سبەی نەدیوە؛ ئەمە تەنیا دڵخۆشیی ژینە: ڕابوێرە بەدڵ دەمێک، ژیان هەر ئەمەیە

خەییام سەرەڕای ڕاستییە ماکی و بەرچاوەکان، باوەڕی بە ڕاستییەکی گەورەتر هەیە و ئەویش هەبوونی شەڕ و خراپەیە کە بەسەر خێر و خۆشیدا زاڵە، وێدەچێ هزری قەدەرخوازانەی خەییام بە هۆی ئەستێرەناسی و فەلسەفە ماددەپەرستانەکەیەوە سەری هەڵدابێ، کاریگەریی پەروەردەی زانستیی لەسەر گەشەکردنی فەلسەفەکەیدا بەرچاوە، بە بۆچوونی خەییام، سروشتی کەڕ و کوێر لە گەڕانی خۆی بەردەوامە، ئاسمان بێ دەسەڵات و دەست بەتاڵە و فریای کەس ناکەوێت:

بێ چارەتر لە تۆ هەزار جار گەردوون
بەس سووچ و هەڵەت لە سوکری گەردوون ڕاکە

گەردوون بێ دەسەڵات و بێ هێزە، ئەگەر دەسەڵاتی بوایە خۆی لە گەڕان ڕادەوەستان:

لەم چەرخ و خولەمدا دەسەڵاتم بوایە
خۆم ئێستە ڕەها دەکرد لە سەرگەردانی

بەپێی زانستی ئەستێرەناسیی ئەو سەردەمە، خەییام گەردوون تاوانبار دەکا و هەستی ناخۆشی نەگۆڕبوونی یاسای تەنە ئاسمانییەکان کەوا هەمیشە لەگەڕاندان، دەوروژێنێ، ئەو بە هۆی تۆپکاری و لێکدانەوەی وردی ئەستێرەکان و یاسا ڕێکوپێکەکانی نێوانیان، ژینی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری یاسا بێ ڕەحمەکانی گەڕانی گەردووندا دەبینێ، بەڵام بڕوای بە چارەنووس و قەزا و قەدەری ئایینی نەبووە و لە دژی چارەنووس ڕاپەڕیوە و لەم پێوەندییەدا، ڕەشبینی لە مێشکیدا تەشەنەی کردووە، سکاڵای ئەو زۆرتر لە چەپگەردیی گەردوونە نەک لە خوا، لە ئەنجامدا خەییام بەو بڕوایە دەگات کە هەموو ئەستێرەکان نەحس و بەدفەڕن و ئەستێرەی پیرۆز هەر نییە:

چاوبەستی فەلەک دەستی بڕیم کوێرانە
خستمیە جەهەندەمێک و ناوی ژیانە
دەردی مە ئەگەر نەهاتوان بیزانن
ڕوو ناکەنە ئەم خەیمەشۆڕەی خەمخانە

لە لاپەڕە ٤٠ی نەورۆزنامەدا نووسیویەتی: «... گوتوویانە هەر چاکە و خراپییەک کە بە هۆی ئەستێرەکانەوە دێتە سەر زەوی و بە ویستی خوای مەزن یەک لە مرۆڤان دەکاتە ئامانج، لەم ژێ و کەوانانەوە(٢) تێدەپەڕێت».

نیزامی عەرووزی وێڕای حەکایەتێک سەبارەت بە خەییام، ئاوا دەنووسێ: مەلەکشا لە خەییام داوا دەکات پێشبینی بکات بزانێ ڕەوشی هەوا بۆ ڕاو گونجاوە، یان نا، خەییام بە زانستی هەواناسیی (Meterologie) ڕاست و بێ هەڵە ڕەوشی هەوا پێشبینی دەکات؛ پاشان دەڵێ: «ئەگەرچی بڕیاری حوجەتولحەق عومەرم بینی، بەڵام بۆ خۆی هیچ بڕوایەکی بەمانە نەبوو».

خەییام لە چوارینەیەکی تردا هۆی ئافران و بەدیهاتنی، چوار تۆخم و حەفت هەسارەی زانیوە:

زانیوتە لە حەوت و چوارەوە هاتی کە بووی
گێژیت و لەبیری چوار و حەوتا ون بووی
ئاسوودە بژی هەزار کەڕەت پێتی بڵێم
نایەیتەوە گەر مردی ئیتر چووی هەر چووی

هەر وەک گومان ڕەشبینیی خەییام هەر لە تەمەنی لاویەتییەوە لە گەڵیدا بووە و ئەم ڕەشبینییە هەرگیز دەستی لە بەرۆک بەرنەداوە، ئەمە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بیری خەییامە کە هەمیشە تێکەڵ بە خەم و کەسەر و مەرگ و لەناوچوونە و لەو کاتانەشدا کە بانگەوازی ڕابواردن و دڵخۆشی دەکات، وشەی دڵخۆشی لە ناخیدا گیردەکات؛ چونکە لەم ساتانەدا بە هەزاران ئاماژە جەستەی مەرگ، کفن و خەڵات، گۆڕستان و نەمان زۆر گەشتر لە خۆشی و ڕابواردن لە پێش چاوی مرۆڤدا خۆ دەنوێنن و ئەو ساتە خۆشییەی لێ تێک دەدەن.

سروشت سەرقاڵی کاری خۆیەتی؛ دایکێکی شێت و خۆینخۆرە کە منداڵەکانی بەخێودەکا و دوایە بێ بەزەییانە هێشووە گەیشتوو و نەگەیشتووەکان پێکەوە دروێنە دەکات، بریا هەرگیز لە دایک نەدەبووین و ئێستا کە هاتووین، تا زووتر بڕۆین بەختەوەرترین:

دەردی مە ئەگەر نەهاتوان بیزانن
ڕوو ناکەنە ئەم خەیمەشۆڕەی خەمخانە

* * *

خۆشبەخت ئەوکەسەی هەرزوو لێی دا چوو
خۆزگەم بەو کەسەی لە دایک نەبوو

(وەرگێڕ)

ئایا ئەم ئاوات خواستنەی خەییام بە مەرگ و نەمان، وەک نیرڤانای بوودا نییە؟ لە فەلسەفەی بووداوا دنیا بریتییە لە کۆمەڵێک ڕووداوی لێک گرێدراو کە گۆڕانکارییەکانی دنیای ڕواڵەتی لە بەرانبەریاندا وەک ڕەنگدانەوە، یان خەونێکی پڕ لە وێنەی خەیاڵاوییە:

بێخەم بە، دنیا تەنیا دەمێکە
خاکی بنی پێت جەستەی جەمێکە
جیهان و ژین و تۆماری تەمەن
خەون و خەیاڵ و مژ و تەمێکە

(وەرگێڕ)

زۆربەی شاعیرانی ئێران ڕەشبین بوونە، بەڵام هۆی سەرەکی ڕەشبینییان دەگەڕێتەوە بۆ شەهوەت و نەگەیشتنیان بە ئامانجە سێکسییەکانیان، کەچی ڕەشبینی خەییام لایەنێکی بەرز و فەلسەفی دەگرێتەوە، ئەو ئافرەتی تەنیا بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئاهەنگ و خۆشییەکانی دەوێ و زیاتر گرنگێتی بە شەراب دەدا تا ژن، ژن و مەیگێڕ بۆ ئەو، سەرچاوەی کەیفخۆشی و

جوانین و هیچیان ناباته تەشقی ئاسمان و هێنده بەرزیان ناکاتەوه، خەییام جوانپەرست بووه و لەو هەموو شتە جوان و نەشمیلەیەدا، بۆ خۆشییەکی کەمخایەن گەڕاوه و بە زەوقی جوانپەرستی خۆیشتی لەبەردلآن و ژنی شەنگ و ڕوومەت گەشی هەڵبژاردووه، بەشێکی نەورۆزنامەی بۆ باس لە جوانی ڕوخسار تەرخان کردووه و ئاوا دوایی پێ دێنێ: «... ئەم کتێبەم بە مبارەکی لەسەر ڕوخساری جوان کۆتایی پێ هێنا»، کەوابوو خەییام بە پێچەوانەی شاعیرانی تر، لە هێندێ کێشەی وەک تۆرانی گراویی و نەبوونی پارە نانالێنێ؛ دەردی ئەو دەردێکی فەلسەفییەو نەفرەتێکە بەپێی هەست و تێگەیشتنی خۆی ئاراستەی ڕەوتی خوڵقانی دەکا، ئەم ڕوانگەیە دەرئەنجامی هەڵسەنگاندن و فەلسەفەی پڕ لە ژانیەتی، ڕەشبینییەکەی لە ئاکامدا گەیشتۆتە فەلسەفەی سروشتیخوازانە و ئاوایە کە ویست و هزر و جوولّە و هەموو شتێکی بە بێ کەڵک زانیوە:

هۆ نەزانینە! چی و لەبەر چاوە، هەرهەمووی هیچە
شینەخێوەتی نۆچین سەراوە، هەرهەمووی هیچە
خۆش ڕایبوێرین، ژین و تەمەنمان لەم ئاشە کۆنە،
تەنیا دەمێکە و بڵقی سەر ئاوە، هەرهەمووی هیچە
(وەرگێڕ)

پێدەچێ شۆپنهاوەریش لە فەلسەفە ڕەشبینانەکەیدا هەر بەم ئەنجامەی خەییام گەییبێت: «لە پێش چاوی ئەو کەسەی وا گەیشتبێتە ئاستێ کە حاشا لەویست و ئیرادەی خۆی بکات، ئەم جیهانە کە بۆ ئێمە ئەوەندە ڕاستەقینە و حەقیقییە، بە هەموو خۆر و کاکەشانەکانییەوە هیچە؟ هیچ!»

خەییام بێزی لە خەڵکی دەوروبەری دەبێتەوە؛ ئاکار و بڕوا و هەڵسوکەوتیان دەداتە بەر تەوس و توانج و هەرگیز گیرۆدەی بیری باوی کۆمەڵگا نابێت، لە هێندێ شیعری عەرەبی و نووسراوەی تریدا بێ متمانەیی و ئەو ڕق و قینەی لە خەڵک هەیبووە، بە جوانی هەست پێ دەکرێت. لە پێشەکی «جبر و مقابلە»کەیدا دەڵێ: «ئێمە بینیمان کە زانایان لەناوچوون و جگە لە چەند کەسێکی کۆڵەوار کەس نەمایەوە؛ ئەمانەش بە درێژایی ژینی پڕ لە چەرمەسەرییان کاتی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە تەرخان کرد، بەڵام زۆربەی بیرمەندانمان هەق بە ناهەق دەفرۆشن و کاریان ڕیاو دوو زمانییە و ئەو زانیارییەی هەشیانە بۆ مەبەستە پیسەکانیان بە کاری دێنن و ئەگەر بزانن یەکێک خوازیاری هەقە و لە ڕێی ڕاستیدا هەنگاو دەنێ و بە نیازی دامالّینی خراپە و دووڕوویە، تیتاڵی پێ دەکەن و بێ بایەخانە سەیری دەکەن». دیارە هەمیشە و لە هەر چاخێکدا کەسانی دووڕوو و خوڵتەکەر و گزیکار هەر زاڵ و سوارن!

دیۆجینی بەناوبانگ بە ڕۆژی ڕووناک، وەچرایەکەوە لە ئاتیندا لە مرۆڤ دەگەڕا و بۆی نەدەدۆزرایەوە، کەچی خەییام کات و هێزی خۆی بەفیڕۆ نەداوە و بە دڵنیاییەوە دەڵێ:

گایەکە لە عاسمان و ناوی کۆیە
گایەکە دەڵێن هەڵگری هەرد و بۆیە
سەیری کەرەگەل بکەی لە ناو ئەم جووتە
گەر ژیر و بەبیری سەیری خۆش بۆ تۆیە

خەییام ئەوەندەی لە ژێر گوشاری بیری بێ فەڕی خەڵکدا بووە، قەت لایەنگری ئەو خۆشەویستی و ئەخلاق و مرۆڤایەتی و سۆفیگەری نەبووە کە زۆربەی شاعیر و نووسەران بانگەشەیان بۆ کردوون، کەچی بۆخۆشیان نەختە بڕوایەکیان پێیان نەبووە و تەنیا بە مەبەستی گەوجاندنی خەڵک بەکاریان هێناون، شتێک کە جێی سەرسوڕمانە، خۆشەویستی و هۆگریی و داخێکە کە بۆ ڕابوردووی ئێران لە خەییامدا بەجێ ماوە، هەر چەند بە هۆی زۆر بوونی مەودای زەمەنی، ناتوانین بڕوامان بە چیرۆکە بەناوبانگەکەی هاورێ و هاوقوتابی- بوونی نیزامولمولک و خەییام و حەسەن سەباح هەبێ، بەڵام دوور نییە کە خەییام و حەسەن سەباح پێکەوە پێوەندییان هەبووبێت؛ چونکە لە چاخێکدا ژیاون و لە ساڵەکانی ٥١٧ و ٥١٨دا کۆچیان کردووە، ئەو شۆڕشە هزرییەی هەردووکیان لە دڵی دەسەڵاتی بەهێزی ئیسلامیدا پێکیان هێنا، گومانەکەمان دەسەلمێنێ و ڕەنگە بەم بۆنەوە بووبێ کە بە هاوقۆڵ و هاودەستیان زانیون، حەسەن بە هێنانی ئایینزایەکی نوێ و لەرزاندنی بناغەی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە، شۆڕشێکی ئێرانیی پێکهێنا، خەییامیش بە هۆی ئایینزای فەلسەفی و ئەقڵی و سروشتخوازانەی خۆی هەر ئەو بیرەی حەسەنی لە هۆنراوەکانیدا پەرە پێدا، لەبەر ئەوەی کاریگەریی حەسەن سەباح بە سیاسەت و شمشێرەوە بەسترابۆوە، دوای ماوەیەک لەناوچوو، بەڵام چونکە فەلسەفەی خەییام لەسەر ئاوەز و مەنتیق بنیاد نرابوو، بە زیندوویی مایەوە.

هیچ کام لە نووسەران و شاعیرانی ئیسلام نەیانتوانیوە وەک خەییام بە ڕوونی حاشا لە بوونی خوابکەن و

بنەڕەتی ئەفسانە ئایینییەکانیانی گەلی سامیی بکەنە ئامانج، دەکرێ خەییامیش بخەینە ڕیزی ئێرانییە دژەعەرەبەکانی وەک: ئیبنی موقەفەع، بەهائەڤرید، ئەبوو موسلم، بابەک و... تاد. خەییام بە داخ و حەسرەتەوە باس لە پاشایانی کۆنی ئێران دەکات و لەوانەیە ئەم داخەی بە هۆی خوێندنی شانامەوە نیشتبێتە دڵ، لە چوارینەکانیدا پەیتاپەیتا ئەو شان و شکۆ و مەزنایەتییەیان وەبیر دێنێتەوە کە ئێستا تێکەڵ بە خۆڵ بووە و لە کۆشکی کاولکراویاندا ڕێوی تەرەکیوەتەوە و کوندەبوو هێلانەی بەستووە، قاقای تووڕەیی خەییام و ئەو ئامازانەی بە ڕابوردووی ئێرانی دەکا نیشاندەری ئەوەیە کە لە ناخی دڵەوە ڕقی لەو عەرەبە ڕێگرانە و بیری بێ نرخیان بووە و لە خەمی نیشتمانێکدا بووە کە لە لایەن ئەژدیهایەکی حەفتا سەرەوە هەڵلووشراوە و لە پەلەقاژەی مەرگدایە.

نابێ پەلە بکەین؛ ئاخۆ مەبەستی لە وەبیر هێنانەوەی شکۆ و گەورەیی ساسانییەکان، نیشاندانی لەرزۆکی شارستانییەت و بێ بایەخی ژیان، هەروەها تیر و توانجێک بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ نەبووە؟ بەڵام هێنانەگۆڕی گەرموگوڕانەی ئەو ڕابوردووە، گومانمان دەڕەوێنێتەوە، بۆ وێنە، گمەی کۆترەباریکە لە مانگەشەودا و لەسەر وێرانەی تیسفوون دڵی خوێنەر دادەخورپێنێ:

ئەم کۆشکەی لووتی لە ئاسمان بوو
شاهان دەیاننا بۆ بەر دەرگای ڕوو
دیمان کۆترێک لێوی دیواری
گرتبوو، کزکز دەیوت:کوو کوو کوو(٣)؟!
(گۆران)

لەو کۆشک و سەرایەدا کە جەم جامی گرت
ڕێوی تەرەکیوە، مامز ئارامی گرت
بارام کە هەموو ژیانی خۆی گۆڕی دەگرت
دیتت بە چ جۆرێ گۆڕێ بارامی گرت؟!

هەروا کە ئامازەمان پێدا، خەییام جگە لە سروشت، خوایەکی تری نەناسیوە و حاشای لە بوونی ئەو خوایە کردووە کە خێڵە سامییەکان بڕوایان پێ هەبووە، بەڵام لە دواییدا زۆر شێلگیرانەتر بیری لێ دەکاتەوە و بە شوێن ڕێگاچارەی زانستی و ژیرانە بۆ هەڵهێنانی مەتەڵەکانی دنیای نەدیو دەگەڕێ، ئینجا لەبەر ئەوەی ڕێگاچارەی ژیرانەی بۆ نادۆزرێتەوە، بە لێکدانەوەی شاعیرانەی ئەم دەستەواژانە ڕازی دەبێ و خولقێنەر بە گۆزەکەر و مرۆڤ بە گۆزە دەچوێنێ و دەڵێ:

لەش ناسک و لاوچاکی وەها هەن کچ و کوڕ
گوڵ درکە بەرانبەری بکەی، بێکەسە دوڕ
گەردوون کە بە دانستە دەیانکا، وەک شێت
تێکیان هەڵدەشێلێت و دەیانکاتەوە قوڕ

کارمان بە ڕاستی بۆچوونەکەوە نییە، بەڵام کۆڕی ئەم گۆزەکەرە شێتە کە بەبیچمێکی خوێنخۆرانەوە هەموو هێزی بۆ چێ کردنی شتە جوانەکان تەرخان دەکاو لە کۆتاییدا لەبەر سەرشێتی خۆی هەموو گۆزەکان دەشکێنێ، تەنیا قەڵەمە بەتواناکەی کاک دەرویشی نیگارکێش(٤) توانیویە بە جوانترین شێواز بیرەنگێنێت.

بەهەشت و دۆزەخی لە ناخی مرۆڤەکاندا بینیوە:

لە جەستەی مرۆڤ چێ بوویە گەردوون
تەڕی لە ئەسرە ڕووباری جەیحوون
دۆزەخ پزیسکێک لە داخی مەیە
بەهەشتیش ساتێک لە خۆشی و مەست بوون
(وەرگێڕ)

پەراوێزەکان:

١- ئەو چوارینانەی ناوی وەرگێڕەکەیانم نەنووسیوە، هی مامۆستا هەژارن (وەرگێڕ)

٢- خەییام لە کتێبی «نەورۆزنامە»دا، گەردوونی بەتیروکەوان چواندووە. (وەرگێڕ)

٣- گمە گمی کۆترە باریکە لە فارسیدا دەبێتە (کو کو). (کو) بێجگە لەوە، واتای (کوا) و (لە کوێیە)ش دەدات. (وەرگێڕ)

٤- «دروێش» نازناوی مینیاتۆرکێشی بەناوبانگی ئێرانی «ئاندرێ سێڤرۆگین»ـە کە ساڵی ١٨٩٦ لە تاران لە دایک بووە و ساڵی ١٩٩٦ لە وڵاتی ئەڵمانیا مااڵاوایی لە ژیان کردووە. (وەرگێڕ)